کۆمپانیای نەوتی باکوورو ماددەی (٢٣)

فەرهاد هەمزە محەمەد

لای هەموو لایەك روونە یەكێك لەبڕگە گرنگەكانی ماددەی (٢٣) دابەش كردنی پۆستە ئیدارییەكانی شاری كەركوكە بەرێژەی ٣٢٪ بەسەر پێكهاتەكانی شارەكەدا.

وا بۆ چەند مانگێك دەچێت لیژنەی بە دواداچوونی راستییەكان چەندین كۆبوونەوەیان ئەنجامداوە بێ ئەوەی بگەنە هیچ رێكەوتنێك .

دابەشكردنی پۆستە ئیدارییەكان لە هەموو فەرمانگەكانی كەركوك لە بەرێوەبەرەوە تا دوا كارمەند تا رادەیەك دەكرێت جێبەجێ بكرێت ئەگەر حكومەتی فیدراڵی مەیلی لێ بێت تەنها لە كۆمپانیای نەوتی باكووردا نەبێت كە حاڵەتەكە لەوێدا تا رادەیەك جیاوازەو ئەو سیستمەی لە سەری بنیات نراوە لە هی فەرمانگەكانی تر ناچێت .

هەر لە ساڵانی حەفتاكانەوە وەزارەتی نەوتی عێراق كێڵگە نەوتییەكانی عێراقی دابەشكردووەتە سەر دوو كۆمپانیا، كۆمپانیای نەوتی باكوورو كۆمپانیای نەوتی باشوور، سنووری یەكەمیان لە زاخۆوە تا پارێزگای كوتە دووەمیشیان لە پارێزگای كوتەوە تا سنووری عێراق - كوێت، سەبارەت بە یەكەمیان حكوومەتی بەغدا پێیوایە هەموو دانیشتوانی عێراق لە زاخۆوە تا كوت بۆیان هەیە لەو پارێزگایە دابمەزرێن، چونكە دامەزراوەكانی ئەو كۆمپانیایە بە هەموو ئەو شوێنانەدا بڵاوبوونەتەوە، ئێستاش ئەم حاڵەتە بووەتە گرێ كوێرەو یەخەی مادەی ٢٣ی گرتووە.

بۆ زانیاری خوێنەر وا لە خوارەوە دوا ئاماری پۆستە ئیدارییەكانی ئەو كۆمپانیایە دەخەینە روو :.

١.ژمارەی بەرێوبەر دەستەكانی (الهیئات) ١٠ پۆستە بەم چەشنەش دابەش بووە:

عەرەب	كورد	توركمان	مەسیحی
٤	٣	٣	—

٢.ژمارەی بەرێوبەری بەشەكان (الاقسام) ٤٨ دانەیە

عەرەب	كورد	توركمان	مەسیحی
١٩	٢	١٩	٤

٣.پێنج بەش هەیە راستەوخۆ بە بەرێوەبەری گشتییەوە بەسڕاون

عەرەب	كورد	توركمان	مەسیحی
٢	١	١	١

ئەوەی جێگەی سەرنجە كە لەو بەرێوەبەری دەستەو بەشانەی بەر كورد كەوتوون لە ئاستێكی وەها گرنگدا نییەو بەشە زۆر گرنگو هەستیارەكان بەدەستی عەرەبو توركمانەوەیە.

خاڵێك هەیە بە گرنگی ئەزانم باسی بكەم ئەویش ئەوەیە پۆستی یاریدەری بەرێوبەری گشتی بەدەستی كەسێكی كوردی كەركوكەوەیەو دەسەڵاتێكی فراوانیشی هەیە.

سەبارەت بە ئاماری ژمارەی فەرمانبەرو كرێكاریش ئێستا حاڵی حازر گەیشتوەتە (١١٥٠٠) كەژمارەی كورد تیایدا لە ٨٥٠ فەرمانبەر تێپەر ناكات.

وا بۆ دوو ساڵێك دەچێت كۆمپانیای نەوتی باكوور خەڵكانێكی زۆری خاوەن بڕوانامەو بێ بڕوانەمەی بە سیفەتی كاتی (وقتی) دامەزراندووەو ژمارەیان گەیشوەتە زیاتر لە ٣هەزار كەس كە پشكی كورد لە میشیاندا هەر كەمەو ١٥٪ تێپەر ناكات.

عەرەب	كورد	توركمان	مەسیحی
٢٩	٢٠	٤٨	٣

ئەمە لە كاتێكدا سەرجەم ژمارەی كارمەندانی ئەو كۆمپانیایە ٢٠٧٥ فەرمانبەرن.

لە بارەی بەشەكانی ئەو كۆمپانیایەشەوە ژمارەی بەشەكان ١٧ بەشن كە بەم شێوەیە

دابەشی سەر پێكهاتەكانی كەركوك بوونە:

عەرەب	كورد	توركمان	مەسیحی
٢	٦	٨	١

دەتوانین بڵێین كێشەی سەرەكی ماددەی ٢٣ زیاتر لە كۆمپانیای نەوتی باكوورەو جیاوازی نێوان كوردو نەتەوەكانی تر زۆرن، بەڵام ئەم فەرمانبەرو كرێكارانە هەمووی لە ناو شاری كەركوك دامەزراون، بەڵكو دابەشی سەر تەواوی دامەزراوەكانی كۆمپانیاكە كراون لە زاخۆوە تا كوت، ئەوەی لە سنووری شاری كەركوكدا دامەزراون (٧٩٠٠) فەرمانبەرو كرێكار دەبن.

دوا زانیاریش لە لیژنەی ماددەی ٢٣ وادەگەیەنێت كە بە نیازن دابەشكردنی رێژەی فەرمانبەرو پۆستەكان لەسەر ئەو ژمارەیە بێت كە بەر كەركوك دەكەوێت كە بەجێبەجێ بوونی ئەمیشیان كورد سوودی باش دەبینێو پۆستێكی زۆری بەردەكەوێتو ژمارەیەكی بەرچاو فەرمانبەرو كرێكاری كورد دادەمەزرێن.

لەم ئامارانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە سیاسەتی بەعس كوردی گەیاندووەتە ئەم رۆژەو تاقە زوڵمێكراو لەم شاردا كوردبووەو بەعس لە كورد زیاتر كەسی بەمەترسی نەزانیوە بۆ سەر بەرژەوەندییە ستراتیجییەكانی.

وڵاتی وەهم

سەمەد چاوشین



لەو وڵاتانەی كە پێشكەوتوون و یاسای تیا بەرقەرارە و نرخی كات دەگرن، نرخی مرۆڤی تیایە، لەو وڵاتانەی كە بەرد و داری تیا بەنرخە... هەزار و یەك حیساب بۆ هەموو شتێك دەكەن ناهێڵن كات بە چركەش بە فیڕۆ بڕوات، گەندەڵی و ڕاوەڕوت و شەڕەخۆری و تەوەزەڵی كارێكی قێزەونە لەو وڵاتانە.

بەڵام بەداخەوە كوردستان خۆمان بە تایبەتی و عێراق بە گشتی لە ماوەی حوكمڕانی ٣٥ ساڵی بەعسی یەكاندا هەموو كارێكی قێزەونی تیا چەكەرەكرد چونكە یاسا سەروەر نەبوو لە وڵات كەسانێكی گەمژە و نەخوێندەوار و نامەسئول وڵاتیان بەڕێوە دەبرد. خوێندەواری و بڕوانامە لە فەرهەنگی بەعسدا (تەنی) بە فلسێكی سور بوو، سەرانی بەعس هیچیان بڕوانامەی ناوەندیشیان نەبوو كەچی لە میدیاكانی خۆیان بانگەشەی لەسەر بنەماڵەی سەدام و عوجەوی یەكان بۆیەش ئەو پاشەڕۆژە نەگریسە چاوەڕوانی ئەوان بوو . ئەمانە هەموو بەلایەك بەداخەوە لە كوردستانی خۆشمان پاش ڕاپەڕین ... هەموو جۆرە لاسایی ئەوەیان دەكرد كە چەندین بڕوانامەی بەرزیان هەیە بۆ نمونە: سەدامی گۆڕ بە گۆڕ ئێستاش كەس نەیزانی لە كام قوتابخانە سەرەتایی تەواو كردووە كەچی بڕوانامە نەما وەری نەگرێ چ لە بواری مەدەنی چ لە بواری سەربازی جارێ لە بواری سەربازی دوا پلە پلەی (مهیب الركن) بوو بە بێ سێ و دوو وەری گرت.

عودەی كوڕی دیكتاتۆر دوو قسەی نەدەزانی بووە سەرنوسەری ڕۆژنامەی بابل و سەرۆكی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق و لە هەموشی سەیرتر لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی لە عێراق یەكەمی هێنا كە رێژەی ٩٩,٩٩٪ بوو. كە ئەمە خۆی لە خۆیدا گاڵتەجاڕی بوو بەخوێندن و خوێندەواری .

★ علی حسن مجید هەموو كۆمەڵانی خەڵك دەیانزانی (نائب عەریفیكی ی فاشل و نەزان بوو كەچی پلەی (فریق اول ركن) ی پێدرا. جگە لەوەی هەموو عێراق تاپۆ كرابوو یەكی بەعس كراوە، وڵاتێك دروست بووە لە وەهم: بۆنمونە لە كاری ڕێكخستن : كە لە سەردەمی خۆی كارێكی پیرۆز بوو دژی داگیركەرانی كوردستان كە چی لە پاش ڕاپەڕینەوە ڕێكخستنی وەهمیش دروست بوو هەر كەسە و ناوی خەڵكی لای خۆی كۆدەكردەوە و پارەیەكی باشی پێوەردەگرت و كە پرۆسەی ئازادی عێراقیش ئەنجام درا هاتنەوە كەركوك نە ڕێكخستن دیار بوو نە شوێنەوار...

★ بایەعی وەهمیش دروست بوو ، بەرپرسەكان چەندین ناویان بۆ خۆیان دەنوسی كەچی ئەو كەسانە هەر بوونیان نەبوو.

★ بەرپرسی واهەیە گوایە دام و دەزگا دروست دەكات پارە وەردەگرێ كە دێنە سەر ئەوەی پرسیاری دام و دەزگا بكەن تەماشا دەكەن هەر بونیشی نی یە.

★ لە هەڵەبجە بەرپرسێك ناوی ٦٠ كەسی نوسیبوو بۆ خانەنشین و هەموو مانگێك پارەی بۆیان وەردەگرت پاش ساڵێك بە دواوە دەركەوت كە ئەو ٦٠ كەسە هەرناویان نی یە و هەمووی ناوی وەهمین.

★ لە هەمووی سەیرتر لەم ڕۆژانەدا لەهەموو ڕۆژنامەكانی كوردستان هەواڵێكی سەیر و سەمەرە بڵاوبۆوە كە ئەویش ئەوەبوو دوو بەرێوبەرایەتی وەهمی هەبوون هەر بەرێوبەرایەتی یەكی ٤٠٠ فەرمانبەری هەبووە و هەمووشیان ئەوەیان دەكرد كە چەندین بڕوانامەی بەرزیان هەیە بۆ نمونە: سەدامی گۆڕ بە گۆڕ ئێستاش كەس نەیزانی لە كام قوتابخانە سەرەتایی تەواو كردووە كەچی بڕوانامە نەما وەری نەگرێ چ لە بواری مەدەنی چ لە بواری سەربازی جارێ لە بواری سەربازی دوا پلە پلەی (مهیب الركن) بوو بە بێ سێ و دوو وەری گرت.

عودەی كوڕی دیكتاتۆر دوو قسەی نەدەزانی بووە سەرنوسەری ڕۆژنامەی بابل و سەرۆكی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق و لە هەموشی سەیرتر لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی لە عێراق یەكەمی هێنا كە رێژەی ٩٩,٩٩٪ بوو. كە ئەمە خۆی لە خۆیدا گاڵتەجاڕی بوو بەخوێندن و خوێندەواری .

★ علی حسن مجید هەموو كۆمەڵانی خەڵك دەیانزانی (نائب عەریفیكی ی فاشل و نەزان بوو كەچی پلەی (فریق اول ركن) ی پێدرا. جگە لەوەی هەموو عێراق تاپۆ كرابوو یەكی بەعس كراوە، وڵاتێك دروست بووە لە وەهم: بۆنمونە لە كاری ڕێكخستن : كە لە سەردەمی خۆی كارێكی پیرۆز بوو دژی داگیركەرانی كوردستان كە چی لە پاش ڕاپەڕینەوە ڕێكخستنی وەهمیش دروست بوو هەر كەسە و ناوی خەڵكی لای خۆی كۆدەكردەوە و پارەیەكی باشی پێوەردەگرت و كە پرۆسەی ئازادی عێراقیش ئەنجام درا هاتنەوە كەركوك نە ڕێكخستن دیار بوو نە شوێنەوار...

★ بایەعی وەهمیش دروست بوو ، بەرپرسەكان چەندین ناویان بۆ خۆیان دەنوسی كەچی ئەو كەسانە هەر بوونیان نەبوو.

★ بەرپرسی واهەیە گوایە دام و دەزگا دروست دەكات پارە وەردەگرێ كە دێنە سەر ئەوەی پرسیاری دام و دەزگا بكەن تەماشا دەكەن هەر بونیشی نی یە.

★ لە هەڵەبجە بەرپرسێك ناوی ٦٠ كەسی نوسیبوو بۆ خانەنشین و هەموو مانگێك پارەی بۆیان وەردەگرت پاش ساڵێك بە دواوە دەركەوت كە ئەو ٦٠ كەسە هەرناویان نی یە و هەمووی ناوی وەهمین.

★ لە هەمووی سەیرتر لەم ڕۆژانەدا لەهەموو ڕۆژنامەكانی كوردستان هەواڵێكی سەیر و سەمەرە بڵاوبۆوە كە ئەویش ئەوەبوو دوو بەرێوبەرایەتی وەهمی هەبوون هەر بەرێوبەرایەتی یەكی ٤٠٠ فەرمانبەری هەبووە و هەمووشیان مانگانە موچەیان وەرگرتووە چەند ساڵێكە. چ سەیرێكە وڵاتێكە پڕاو پڕ لەوەهم. ڕێكخستن وەهم ، كۆمپانیای وەهم، بایەعی وەهم، ڕێكخراوی وەهم، ڕۆژێك دادێ دەبیستین دەوڵەتێكی وەهمی كوردیش دامەزراوەو سەرۆكی دەوڵەتیش هەر وەهمی دەبێ...

لەم وڵاتە هەموو شت ڕوودەدات .... چونكە لێپرسینەوە نی یە، بەدواداچون نی یە، دەست خۆشی و سزادان نی یە.

ئەوەی دزە لە هەموو كەس ڕێزدارترە، ئەوەی كاری گەندەڵی ئەنجام دەدات لە هەموو كەس خۆشەویست ترە، ئەو بەرپرسەی كارەكەی خۆی بۆ مێبازی و شەڕەخۆری بە كاردێنێ لە هەموو كەس بەڕێزترە، كەواتە هەر بژی وڵاتی وەهم.

پێكهاتەكانی كەركوك لە بەرلین رێكدەكەون

راپۆرت/ ئازاد كەركوكی

لەسەربانگهێشەی دەزگای فریدریش ناومان بۆ ئازادی وبەبەشداری سەرجەم لایەنە سیاسییەكانی پێكهاتەكانی كەركوك ،لەبەرواری ٢٨تا٣٠ی نیسان وەرشەیەكی كارلەپایتەختی ئەڵمانیا شاری بەرلین ڕێكخرا،ئەم كۆنگرەیە درێژەپێدانی دوو كۆنگرەی پێشووتربووكەیەكەمیان لەپایتەختی ئوردن عومان ودووەمیان لەدەریای مردوو(بحر الميت) بەستران ، كۆنگرەكە لەژێر ناونیشانی جێبەجێكردنی ڕێكەوتنی دەریای مردووچارەسەرێكی دادپەروەرانەیە ، نزیكەی بیست كەسایەتی لەكەركوكەوە بەشداریان تێداكرد. كە جگەلەسەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك نوێنەری حیزبە سیاسیەكانی هەموو نەتەوەوپێكهاتەكانی كەركوكی تێدابوو،لەیەكێتی نیشتمانی كوردستان (سیروان ئەحمەد) ولەپارتی دیموكراتی كوردستان (نەجات حەسەن)ولەحیزبی نیشتمانی توركمانی(جەمال شان) ولەحیزبی گردبوونەوەی كۆماری (محمدخیرالدین ناظم العاصي) هەروەها لەحیزبی ئیسلامی عێراقی (محمد عبدالواحد الدوری) ئەمە سەرەڕای بەشداریكردنی نوێنەری یونامیو پسپۆرانی ئەكادیمی لەرێكخراوە نێودەوڵەتیەكان، لە سەرەتای دەستپێكردنی كۆنگرەكە یاریدەری وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا لەوتارێكدا ئامادەی ئەوەی پیشاندا كەحكومەت وگەلی ئەڵمانیا هاوكاری پێكهاتەكانی كەركوك بكەن ویارمەتی دانیشتوانەكەی بدەن بۆ چارەسەركردنی كێشەكانیان ، لەكۆتایی كۆنگرەكەش لێپرسراوی دۆسێی عێراق لەوەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا بەشداری لەمەراسیمی كۆتایی پێهێنانی كۆنگرەكە كرد ، ڕێكەوتنی دەریایی مردوو(بحرالميت) كراوە ڕێچكەی كارەكانی ئەم كۆنگرەیەو بەڵكوكارەكانی درێژەپێدان وكۆتایی پێهێنانی كارەكانی ڕێكەوتنی (بحرالميت)بوو ، میكانزمی دابەشكردنی دەسەڵات لەنێوان پێكهاتەكانی كەركوك تەوەری سەرەكی كۆبوونەوەكە بوو ، ناوەڕۆكی ڕێكەوتنەكەی بەرلین لەم ڕووەوە ئەم خاڵانەی لە خۆ گرتبوو: گەلێرەدا تیشك دەخەینەسەر خاڵی دوو ئەویش بریتیە لە" پەیڕەوكردن و پراكتیزەكردنی ئەم بنەمایانە ئەوەی پەیوەستە بەجێبە جێكرد نی دابەشكردنی دەسەڵاتەوە لە فەرمانگەكان:

أ-بەكارهێنانی یەكسانی وهاوسەنگی ودادپەروەرانە لەپراكتیزەكردنی ڕێژەی٣٢،٣٢،٢٢،٤

ب-زامنكردنی مافی دەستووری هاوڵاتیان ، بەتایبەتی جیاوازی نەكردن لەنێوانیاندا، واتا هیچ كەس وەزیفەكەی لەدەست نادات لەئەنجامی پیادەكردنی ئەم ئیجراتانەوە.

ج-توانایی وپسپۆری لەبوارەكە.

د-بانگەوازكردن لەبارەی ئەو وەزیفە چۆڵانەی بەشێوەیەك هەموو كەسێك بتوانێت ئاگاداری ببێت.

هـ-گونجاندنی لەگەڵ واقیعی دانیشتوانی ناوچەكە.

هەرلەبارەی بابەتی دابەشكردنی دەسەڵاتەوە سەرۆكی حیزبی نیشتمانی توركمانی (جەمال شان)بۆ كەناڵەكانی راگەیاندن گوتی" وەك لایەنی توركمانی داوامانكرد كەدابەشكردنی دەسەڵات لەكەكوك بەچەند قۆناغێك جێبەجێ بكرێت لەسەرەتا پۆستە سەرەكیەكان وەك پارێزگارو جێگرەكەی وسەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگا بگرێتەوە ، پاشان لەقۆناغی دووەم پۆستی بەڕێوەبەرەگشتیەكان بگرێتەوە ، لەقۆناغی سێیەمیش هەمووفەرمانبەرەگشتیەكان لەنێوان پێكهاتەكانی كەركوك بگرێتەوە ،بەمەرجێك ماوەی هەرسێ قۆناغەكەلەشەش مانگ تێپەڕ نەكات ، لەگەڵ ئەوەی لایەنی عەرەبی لەبارەی پێشنیارەكەمانەوە پشتیوانیمانی كرد ،بەڵام لایەنی كوردی لەسەرهەڵوێستی جارانی خۆی سووربوو قەبوڵی نەكردوجەختی كردەوە سەرئەوەی بنەمای دابەشكردنی دەسەڵات بەیەك قۆناغ جێبەجێ بكرێت ، دواتر نوێنەری نەتەوە یەكگرتووەكان و ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان هاوبەشی گفتوگۆكانیان كرد بڕیاری ئەوەدرا بەنزیكترین كات جێبەجێ بكرێت بەبێ ئاماژەكردن بۆ كاتێكی دیاریكراو".

لەبارەی كەشی كۆنگرەكەورەفتاروهەڵوێستی كەس ولایەنەكانی بەشداربوو سەرۆكی حیزبی توركمانی ئاماژەی بەوەدا"كەشی ناوكۆنگرەكە زۆربرایانەو گفتو گۆیەكان لە كەش وئاوهەوایەكی دیموكراتیانە بەڕێوەدەچوو ، هەرهەمووئەندامە بەشداربووەكان خزمەتكردنی كەركوكیان لەپێش چاوی خۆیان دانابوو" هەروەها ناوبراو لەكۆتایی لێدوانەكەی ئەوەی راگەیاند كەنیازوایە هەمان دەزگای فردریش ناومانی ئەڵمانی لەئایندەدا كۆنگرەیەكی تر لەشاری كەركوك ڕێكبخات، پێشی وایە كۆنگرەی بەرلین یارمەتیدەربووە بۆچوونی پێكهاتەكان لەیەكترنزیك بكاتەوە.

لەگۆشەنیگای لەیەكترنزیكبوونەوەی بیروبۆچوونی پێكهاتەكان ودەرئەنجامی كۆنگرەكە هەموو لایەنەكانی بەشداربووی كۆنگرەكە جەخت لەسەرئەوەدەكەنەوە كەئەنجامێكی باشی هەبووە، ئەمە وێڕای ئەوەی كەژمارەیەك پسپۆری نێودەوڵەتی وانەیان لەبارەی بابەتەكەوە وتوەتەوەوهەموونەو هەوڵانە بەئاراستەی پێكهێنانی حكومەتێكی ناوخۆی سەركەوتووله‌كەركوك دەدرێت.

كلیك

ئیدارەی تەلەفزیۆنی (العراقیه) شوناسی عروبەچێتی سەلماند

زەردەشت مەلا ئەسعەد

كەناڵی ئاسمانی (العراقیه) كە خۆی بەكەناڵێكی عێراقی پێناسە دەكاو وای دەردەخا كە دەنگو رەنگی هەموو عێراقییەكە، بەڵام هەر كەسێك گەر تۆزێك بە وردیو قووڵی تەماشای ئەو كەناڵەی كردبێ، زۆر بە ئاسانی سیماو ئاراستەی نەك هەر عێراقیبوونی تێدا ناخوێنێتەوەو تێبینی ناكا، بەڵكو بە ئاشكراو بە روونی لە هەموو بۆنەو رووداوە سیاسییەكاندا بووەتە دەنگو رەنگی تاكە لایەنێك، تەنانەت تاكە مەزهەبێكیش، كەم بۆنەو مەراسیمە ئاینیەكان ئەو لایەنە بەهەموو وردەكارییەكانییەوە نەگوازێتەوە. ئەم كەناڵە كەناڵێكی تەنها بە زمانی عەرەبییەو (پێشتركەناڵی عیراقیەی ٢هەبووكەئێستاداخراوە)بە هیچ زمانێكی تر بەرنامەكانی پەخش ناكات، كەچی هەموو بوودجەو پێداویستییەكی كە بە ملیۆنان دینار مەزەندە دەكرێ لە بودجەی گشتی عێراق دابین دەكرێ. ئاراستەی گشتیو سیاسیشی لە خزمەت تەنها لایەنێك تەنانەت حزبێكی دیاریكراوە.

لەكاتێكدا سەرۆك وەزیرانی عێراق بە گوتەی خۆی پەیامی ئاشتەوایی و پێكەوەژیان و دامەزراندنی دەوڵەتی یاسای راگەیاندووەو بەنیازە دەوڵەتی دامودەزگاكان و تەكنۆكرات دامەزرێنێ، كەچی لە دۆزێكی زۆر ناسكو هەستیاردا وەك دۆزی دادگاییكردنی تاوانبارانی (هەڵەبجە) دەكەوێتە هەڵەی زۆر مەترسیدارو كوشندەوە، كەلەبەرامبەر نمایشنەكردنی رووداوەكانی ئەو دادگاییكردنە خۆی بێدەربەستو بێ بایەخ كردووە، رەنگە كەسانێك بپرسن كە نمایشكردنی دیمەنەكانی ئەو دادگاییكردنە چ پەیوەندییەكی بە سەرۆك وەزیرانەوە هەبێ! رەنگە ئەم پرسیارە پێش تۆماركردنی سكاڵا لەلایەن لیژنەی داكۆكیكار لە دۆسیەی هەڵەبجە تا رادەیەك رەوایی تێدابووایەو لۆژیكی بوایە، بەڵام رونو ئاشكرایە كە ئیدارەی ئەو كەناڵە بێ بەهیچ شێوەیەك ناتوانێ هیچ فەرمانێكی سەرۆك وزیران رەتبكاتەوە، گەر فەرمانی وای پێبگات!

بەم كردەوەیەشی ئیدارەی كەناڵی (العراقیه)و ئاراستەكارانی نیگەرانیو مەترسی ئەوەمان لەلا دروست دەكەن كە بیانەوێ سیماو شوناسی عروبەچێتی شۆڤێنی بگەڕێننەوەو ببنەوە بە تاكە دەنگو تاكە رەنگ. نمایشنەكردنی دیمەنەكانی دانپێدانانی تاوانبارانی كارەساتی هەڵەبجە، تاكە یەك خوێندنەوەی بۆ دەكرێ ئەویش ئەوەیە كە ئایدیۆلۆجیای شۆڤێنیزمو بەعسیزم تا ئێستا جێگای مەترسیو نیگەرانینو خەڵكی ئازادیخوازو ئاشتیخواز نابێ لێیان غافڵ بن، بەڵكو دەبێ هەموو هەنگاو جوڵەیەكیان بخاتە ژێر چاودێرییەوەو لەكاتی پێویستدا سەركوت بكرێن، چونكە سەركوت نەكردنی شۆڤێنیزم، سەركوتكردنی خەڵكی ستەمدیدەو ئازادیخوازانە.

ئەم هەنگاوەی ئیدارەی (العراقیه) هەنگاوێكی پڕمەترسییەو هەرگیز نابێ چاوی لێبپۆشرێ، دەبێ فشار بخرێتە سەر هەموو لایەنەكان كە بەزووترین كات ئەو دیمەنانە پێشانی هەموو جیهان بدرێن، تاكو راستیو دروستی هەموو قسەكانی شایەتحاڵەكانی ئەو كارەساتە بسەلمێنرێو جیهان پێیان ئاشنا بن.

بۆ ئەوەی (العراقیه) بیسەلمێنێ كە پێناسەكەی (مەحمود مەشهەدانی) ناراستن، كاتێك لەنێو هۆڵی پەرلەماندا وتی:"تلفزیۆن (العراقیه) بلوە هۆزولاك، ما ادری منین ململمیهم و جایبینە یاهم الخ" هیوادارم بەزووترین كات ئەو دیمەنانە پیشانی عێراقو جیهان بدا.